وەزارەتی گواستنەوە دەسپێکردنەوەی گەشتەکانی نێوان بەغدا- بەسرە - پێکین ڕادەگەیەنێت

وەزارەتی گواستنەوە ئەمڕۆ سێشەمە ،دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی نێوان بەغداوبەسرەو پێکینی لەمانگی ئایاری داهاتوودا ڕاگەیاند.

وەزارەت ی گواستنەوە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- کە چواری مانگی ئایاری داهاتوو گەشتەکانی نێوان بەغدادو بەسرەو پێکین دەستپێدەکاتەوە ئەویش پاش وەستانی بەماوەی چوارساڵ، ڕوونیشی کردەوە ئەم هەنگاوە بەفەرمانی وەزیری گواستنەوە ڕەزاق محەبس سەعداوی ئەنجامدەدرێت.

بەیاننامەکە ئاماژەشی بەوەکردکە پلانی بەگەڕخستنی کەمپانیای گشتی هەوایی عێراقی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەزیری گواستنەوە سەرپەرشتی دەکات فراوانکردن و فرەجۆرکردنی تەنی ئاڕاستە دەرکیەکانی فڕۆکە سەوزەکە لەخۆدەگرێت، ئەم هەنگاوەش لەنێوان عێراق وچین بە دووەمین هێڵ دادەنرێت پاش هەی کوانجە.

ئاماژەشی بەوەکرد کە ژمارەی گەشتەکانی خشتەکە دوو گەشتی هەفتانە لەخۆدەگرێت لەهەردوو ڕەژی شەممەو سێشەمەدا، گەیانەوەش لە پێکین لەهەردوو ڕەژی یەکشەممەو چوارشەممەدا دەبێت، جگەلەوەش فڕۆکەی دریم کە خزمەتکردنی باڵای لەخۆگرتووە دابینکراوە و بە گەشتە درێژکان بەکاردەهێنرێت.

لەلایەن خەیەوە بەڕێوەبەری گشتی هەی ئاسمانی عێراقی مەناف عەبدولمونعیم ڕوونی کردەوەکە پلانی

کارکردن کە وەزیر پاڕەپشتی لەدەکات بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەکان لەخەدەگرێت، جەختیشی کردەوەسەر مکوومبوونی کەمپانیاکە لەسەر جەبەجەکردنی ژمارەیەکی زەری گەشتکردن و زیادکردنی داهاتەکانی هەڵی ئاسمانی عەراقی